# دیداری ڕۆژی چواشەمەی ئیمرالی لە نێوان سەرۆك ئۆجالان و پارێزەرانیدا

ڕێکەوت/2004-10-20

تێبینی: ئەو ڕستانەی کەوتونەتە ناو کەوانی گەورە، قسەی پارێزەرەکانی بەڕێز "ئۆجالان"ە، ئەوەی دیکە قسەی خودی بەڕێز "ئۆجالانە"ە. وەرگێر...

## هاوار...

بەخێر بێن؛ حەوا هاتوە؟"مەبەستی خوشکەکەیەتی*وەرگێر، لە سەرەتادا ئێوە بفەرمون چ هەیە؟ لەدەرەوە ئالۆگۆری مەزن لە ئارادان، تێکۆشانی دیموکراتیتان گرنگە، سەرەتا لەوەوە دەست پێبکەین؟ وەکوتر شتێکی گرنگ هەیە؟ (تێبینیەکانی هەفتەی ڕابوردو هەن) هەفتەی ڕبوردو نا 3 هەفتە، (سەبارەت بە پێکهاتەی نوێ زانیاریمان لەدەست دان دەمانەوێ ئەو زانیاریانەت پێڕابگەیەنین) بەرەو کۆتایی دەچێ؟ ( بەڵێ بەرەو ئەنجامی کۆتایی دەچێت، بەهۆی ئەو کەسانەی کەلە زینداندا دەرچون ئێمە بەپێویستمان زانی تۆزێ چاوەڕوانی بکەین، ئەوان چونە ئەوروپا و گەڕانەوە، ڕۆژی هەینی لێدوانێك ڕادەگەیەنن و دەست بە خەباتی خۆیان دەکەن). بێگومان 5 ساڵە لەسەر ئەوە کاردەکەم، ئەو خەباتە زۆر گرنگە، هیوادارم ئەم جارەیان دەموو چاوی من و ئێوەش سور هەڵناگەڕێ، لە بەرگرینامەکەمدا ئاماژەم پێکردووە، پەنجەم لەسەر بەرفراوانی دیموکراسی داگرتبوو، هەڵمەتێکی دیموکراسی پێشدەکەوێ، سوپاش لەناویدا خۆتان دەبینن سەرجەم دامودەزگاکان گفتوگۆ دەرهەق بە دیموکراسی دەکەن، لەهەمان کاتدا سەرجەم دامودەزگاکانی تورکیا ئێشی دیموکراسی دەکێشن، بەرگری نامەکەم پەخش کرا، "م. ئایدن"، "داود ئۆغڵو" هەموویان خۆیان بە ڕۆشەنبیر دەزانن بەڵام شتێکی ئاشکرایە کە سود لەپەرتوکی من وەردەگرن، کۆماری تورکیا هێزی هەرە گەورەی لە ئێمەوە دەگرێ بەڵام مخابن سزای هەرە گەورەش ئێمە دەیدەین، بیروڕای ئێمە سەبارەت بە وەرچەرخانی کۆمار گفتوگۆ دەکەن، لەواری کرداریشدا جێ بەجێی دەکەن، لە ناوەوە و دەرەوەدا گفتوگۆیەکی چڕ و پڕ لەسەر بیروڕاکانم دەکەن، بەبیرتان دێ "تورکێش" لەسەردەمی 12ی ئەیلولی 1980 دەیوت ئێمە لە ژورەوەین بەڵام بیروڕامان لەسەر دەسەڵاتە، هەڤاڵی هەرە نزیکم لەکاتی خۆیدا لێم تێنەگەیشت، ئێوەش تازە تێدەگەن لەبەر ئەوەی ڕوبەڕو قسە دەکەین، دیموکراتیزم تازە بەتازە پێش ئەکەوێ، ئەگەر هەر هیچ نەبێ ئەوەش نەخەنە دەستی "پارتی گەلی کۆماری"، شانسی پێشکەوتنی ئەو پێکهاتەیە هەیە، بەڵام سیاسەتی کادر، پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ زۆر گرنگە، بێ گومان دەبێ خۆتان لە نەتەوەپەرستی بەدور بگرن، پێویستە پاراستنی کولتوری ئازاد بەبنەما بگرن، پارتی داد و گەشەپێدان پارچە پارچە نزیك دەبێتەوە، ناوەڕۆکی ئەو پارتەو هێڵی ئەو پارتە لەگەڵ دیموکراسی ناگونجێ، بەڵام ناچارە خۆی بەڕێوە ببات، لەو بارەیەوە نەبە باشی و نەبە خراپی بیروڕای خۆم دەرنابڕم، تورکیا وەك ساڵانی 1920 مەحکومی هاوپەیمانێتیەکی دیموکراسیە!! گومانی توند و تیژی هەیە پاشان دێمە سەر ئەوە، ئەگەر کاتمان نەما با بمێنێ بۆ هەفتەی داهاتو. لە دەرەوە هیچ ئالۆگۆریەك هەیە؟ "پارتی داد و گەشەپێدان" زۆر بە فێڵبازی هەڵوێستە دەکات، هەروەك سیاسەتی 1920ی ئینگلیزەکان دەجولێتەوە، دەیانەوێ کورد و کەمالیزم بەشەڕ بێنن، لە مێدیادا بینیم دەڵێن لەگەڵ بارزانی ڕێك کەوتین، ئەو ڕێککەوتنە لەسەر چ بنەمایەکە؟ ئایا ڕۆشەنبیران هەست بەو یارییە دەکەن؟ نازانم، دەنز بایکاڵ و قەرەیاڵچین دەپرسن، بەڵام چەند بەهەند نزیك دەبنەوە نازانم، بەڵام سەرباری ئەوەش باوەڕکەم هەستیان بە هەندێ ڕاستی کردووە، "فکرەت بیلا" لە نوسینێکیدا باس لەوە دەکات، بابزانین تا چەند ڕاستیەکان دەدرکێنی، بڕۆن قسەی لەگەڵ بکەن، من لە 1992 ەوە باسی ئەو هاوپەیمانیەتیەم کردبوو، وتبوم ئەگەر "عوسمان"یش خۆی بخزێنێتە ناو ئەو هاوپەیمانیەتیە، ئەوا ترسناکە، ئێستاش کێشەکەیان ئەوەیە ئایا "کەمال ئەتاتورك"ێکی دیکە دێتەوە مەیدا؟ زەحمەتە، بۆیە من داوادەکەم ئەو بابەتە بخەنە ڕۆژەڤی ئێوە، بەڕای من ئەگەر ئێمە لەگەڵ لایەنی ڕۆشەنبیری کەمالیستی کۆماریخواز شەڕ بکەین، لە ئەنجامدا ئیسلامی لیبرال سەردەکەوێ!! ئایا جیاوازی نێوان ئیسلامی لیبرال و فاشیزم چیە؟ دیاری نیە. ئەمریکا دەیەوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چی ئەنجام بدا؟ دیارنیە. ئیسلامی لیبراڵ چ بەسەر سەرۆکایەتی "بوش" دێنێ؟ دیارنیە، ئیسلامی ڕادیکاڵ چیتان بەسەر دێنێ؟ دیار نیە، زەرقاوی بەڕحەتی سەری مرۆڤ دەبڕێ، لە 1970 لەبەرامبەر تورکیا ئیسلامی ڕادیکاڵ سەری هەڵدا، ئێمە لەلای خۆمان بەگرنگیەوە تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکەین، خۆتان دەبینن، "پ ك ك"ەتان پێ چارەسەر نەکرا، نەتانتوانی بلاوێ بکەنەوە، چونکە میراسی ئایدۆلۆژی و مێژوییمان زۆر بەهێزە، من لەمێژە تەدبیرم لەبەرامبەر ئەوە وەرگرتوە، بەڵام کۆتاییەکەی چی دەبێ هێشتان دیار نیە، سیاسەتی ئەمریکا لەو بارەیەوە ڕونە سەرەتا بەخۆت دەبەستێتەوە پاشان دەتروخێنێ، ئیسلام بە ئیسلام و کوردیش بە کورد دەشکێنێ. تاڵەبانی و بارزانیش ئەگەر تەسلیم بە ئەمریکا ببن کۆتاییەکەیان شکستە، دەبینن ئەمریکا برا بە برا دەشکێنێ، (ڕەووشی عوسمان

لەناو گەلدا ڕەخنە دەکرێ، لەسەر مەسەلەی خیانەتی برا لەبەرامبەر برا نمونەی مێژوییان بۆ دێننەوە، عوسمان و گروپەکەی لە باشوری کوردستان دەچن پەنا بۆ عەشیرەتێك دەبەن و داوای یارمەتیان لێ دەکەن، سەرۆکی عەشیرەتی ئاماژە بۆکراو پێیان دەڵێ ئەو کەسەی خیانەت لەبرای خۆی بکات کاری بە ئێمەوە نیە). بێگومان گەل من دەناسێ، وە دەزانن ئەوانە چی دەکەن، لەهەمان کاتدا من چ جولانەوەییەکم لەناو گەلدا ساز کرد دەبینن، گەل هێشتان پابەندە بەمن، لە هەموو شوێنەکان باوەڕکەم لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و ئێرانیش بەو شێوەیەیە. (گەل پابەندە پێتانەوە، بەلام پروپاگەندەیەك هەیە ئەڵێن ئێوە بەتەنیا باکوری کوردستان بۆخۆتان بە بنەما وەردەگرن). پێش ئێستا لەگەڵ هەندێ لە ڕۆشەنبیرانی ئێران و ڕۆژهەلات قسەم کردبوو، بیروڕاکانی ئێستام زۆر جیاوازن لەو بیروڕایانەی کە لە بەرگری نامەی پێشودا دەستنیشانم کردبوو، هەر بۆ ئەوەش ڕەخنە لە "قەرەسو و جومعە" دەکەم، ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی ئێران وەلامی داخوازی کوردان نەداتەوە، ئەگەر کێشەی کورد بە شێوەیەکی سیاسی و بە دروستی پێشنەکەوێ، ئەوا لە ئێراندا تێکۆشانی گەریلا دەست پێدەکا، ئەگەر ئێران پەرە بە هێرشەکانی بدات ئەوا گەریلا لە لایەنی چەندایەتی و چۆنایەتی خۆی دەپارێزێ و خۆی فراوان دەکات، ئێمە بە "موجاهیدینی خەلق" نەچوێنن، ئێمە بە پشتگیری دەرەوە بەڕێوە ناچین، پرۆگرامی سیاسیمان ئاشکرایە، ئامانجمان کوردستانێکی ئازاد و دیموکراتە، ئەوەشتان پێ ڕابگەیەنم دژی دیالۆگێکی بەواتا نیم لەگەڵ ئێراندا، پارتی ژیانی ئازاد و کۆنگرە هەیە دەتوانن وەك موخاتبی خۆتان ببینن، بانگەوازی ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئێران دەکەم، مەبەستمان دابەشکردن و جودابونەوە نیە، بەلام پاشەکشە لە مافە دیموکراتیەکانیشمان ناکەین، ئاگاداریان دەکەمەوە دوای هەڵبژاردنی ئەمرکیا نۆرەی ئێران دێت، چارەنوسی ئێوەش وەك صەدام دەبێ، ئێوە ناچارن دەرهەق بە کێشەی کورد چارەیەك بدۆزنەوە، هەڵوێستی ئێران چۆنە، هێرشی سەربازی دەکەنە سەرمان؟ (وەك باکوری کوردستان ئۆپەراسیۆنی بەرفراوان ئەنجام دەدەن و بەتوندی ڕوبەڕوی خەباتی سیاسی دەبنەوە). ئەگەر ئۆپەراسیۆنەکانیان بەرفراوان بن پێویستە گەریلاکان وەك گەردەلول خۆیان فراوان بکەن، بانگەوازی ئاراستەی لاوانی کورد دەکەم با بچنە ڕیزی گەریلا، پێم وایە چونە ڕێزی گەریلا لەلای لاوانەوە هێشتان بەردەوامە؟ (لەباکور و ڕۆژهەلاتی کوردستان خەڵك پەیوەندی بە گەریلاوە دەکەن). دەتوانن سود لەو بەشەی بەرگرینامەکەم وەربگرن، لەو بارەیەوە دەتوانن نامەیەك لەسەر بنەمای بەرگرینامەکەم بۆ ئێران و ڕۆژهەلات ئامادە بکەن، وابزانم ئەو نامەیەی کە پێش ئێستا بۆ گەلی کوردی باشوری ڕۆژئاوا داوام کردبوو ئەنجامتاندا . (بەڵێ). لەسەر ئەو بنەمایە سلاّو ڕێزی خۆم ئاراستەی گەلی کوردی ڕۆژهەلات دەکەم و هەمان شتیش بۆ کوردانی باشوری ڕۆژئاواو سوریا.

ئەگەر سوریا داواکاریەکانی گەلی کورد سەرکوت بکات، توشی تەنگەتاوی دەبێت، ئێمە 20 ساڵ دۆستایەتیمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی سوریادا ئەنجامدا، دەمانەوێ ئەو دۆستایەتیە بەردەوام بێ، کوردانی سوریا ناچارن بەپارتیبونی خۆیان بپارێزن، پێویستە داخوازیە ئازادی و دیموکراسیەکانیان ڕێك بخەن، پێویستە لەبەرامبەر هەڵوێستە ناشیرینەکانی دەوڵەتی سوریا تەدبیری خۆیان وەرگرن، ئێستاش دێمە سەر خەباتی دیموکراسی، بەلام بەرلەوە دەمەوێ تۆزێ لەسەر مەسەلەی توندو تیژی بوەستم؛ حکومەتی ئێستا دەیەوێ بە تەواوی خۆی بەدەرەوە ببەستێتەوە، لە هەوڵی ئەوەدایە ئێمەو سوپا بەشەڕ بێنێ، خۆی لەخۆیدا سوپا ئامادەیە کۆتایی بەخۆی بێنێ، حکومەتیش ئەوەی دەوێ، ڕوی قسەکانم ئاراستەی ڕۆشەنبیرانی تورك دەکەم؛ کوردی خاوەن کەسایەتی نۆکەر و نەتەوەپەرستی سەرەتایی جێگای خۆیان لەناو پارتی داد و گەشەپێدان گرتوە، "فرات، ئاکسۆ، چەلیك، زاپسو، ئەوانە پەیوەندی پتەویان لەگەڵ ئەمریکا هەیە، ئەوانە هەر بەوەش ناوەستن بانگەوازی ئاراستەی تاڵەبانی و بارزانی دەکەن، لەپشت ئەوانە کێ هەیە؟ پێویستە ببیندرێ، بەخۆیان باس دەکەن و دەڵێن ئێمە ڕێککەوتین، دەیانەوێ ئێمە بەشەڕ بینن و قازانجەکە بۆخۆیان بمێنێتەوە، پێموایە لە تورکیادا عوسمان دێننە ناو ئەو کارانە، ئەوە 6 ساڵە بانگەوازی دەکەم، ئەڵێم ئاشتی بەلام هیچ وەلامێك لەبەرامبەرەکەم وەرناگرم، باش بزانن ئەمریکا PKK نەلەناو دەبات و نە مەسەلەی کوردیش چارەسەر دەکات، بۆچی؟ چونکە بە هەبونی PKK هەرەشە لە تورکیا دەکات، ئەوروپاش بۆ ئەوە دەنگی خۆی دەرناخات، ئێمە لەناو سنوری تورکیادا یەکێتیەکی دیموکراتی و کۆماری و گەلێری دەپارێزین، دەڵێین چەکەکانمان دادەنێین، بەلام هیچ هەنگاوێك بۆ پێشەوە نانێن، بۆچی؟ چونکە ئەفەندیەکانیان مۆڵەتیان پێ نادەن. بەلام باش بزانن ئەگەر بەو شێوەیە بەردەوام بێ، ئیسرائیل – فەلستینی دوەمین ساز دەبێ، هەموتان لەناو یاریەکەدا جێ دەگرن، گەورەیی مستەفا کەمال لەناو تورکەکان لەچی دایە؟ چونکە ناوبراو تاڕادەیەك تورکیایەکی سەربەخۆی ئافراند، من دەمەوێ تورکیایەکی دیموکراتیك بئافرێنم، لە ساڵی 1991ەوە پێتان دەڵێم وەرن با ئەو یارییە خراپ بکەین، بەلام هەموویان کەوتونەتە ناو ئەو پیساییە، لەگەڵ "فکرەت بیلا" لەو بارەیەوە قسە بکەن، من داخوازی بۆ یەکێتیەکی دیموکراتی و ئاشتی دەکەم، ئەگەر ئەوان من وەك موخاتبی خۆیان نابینن، با بچن لەگەڵ پیاوە گەورە ئەمریکیەکان قسە بکەن، ئەگەر دەیانەوێ با بچن لەگەڵ "عوسمان" قسە بکەن. (ئایا ئەو لێدوانەی دوایی "عوسمان"تان خوێندەوە؟ کە دەڵێ ئەو کوردەی کە نۆکەرایەتی بۆ ئەمریکا نەکات، ئەحمەقە). لەساڵی 1920ەکاندا کەسێك هەبوو بەناوی "خالیدە ئەدیب" و هەندێ کەسی تریش، چون لە تورکیادا بێگانە پەرستیان پێشخست، ئەمڕۆش لەلای ئێمە ئەمریکا پەرستی پێشدەکەوێ، هەموو بیر و ڕایەك لە لیبرالەکانەوە تا دەگاتە چەپەکان نەك بەتەنیا کوردەکان تورکەکانیش ئێستا ئەمریکا پەرستی دەکەن، پیاوە

نزمەکان بەخۆیان سازش دەکەن و پاشان من بەوە تاوانبار دەکەن کە گوایە لەگەڵ دەوڵەتدا سازشم ئەنجام داوە، ڕەوشی من دەزانن، لەنێوان من و دەوڵەتدا سازشێکی هەرە بچوکیش لە ئارادا نیە. من لەبەردەم بزاڤەکەماندا وەك ئاستەنگی دەبینن، هەموویان لەسەر سەری دەوڵەتدا دەرباز دەبن، "عوسمان"یش لەناو ئەواندایە، ئەو قسانەی بۆ کوردی ئێران و سوریا دەکەم بۆ کوردەکانی عێراقیش دوپات دەکەمەوە، ئەگەر سازشێکی ئازاد و دیموکراسیانە ئەنجام نەدرێ سەری خۆمان بۆ هیچ کەسێك شۆڕ ناکەین، ئەم قسەییەی من نەك بەتەنیا بۆ کوردانی عێراق بۆ هەموو وولاتانی دیکە بەو شێوەیەیە، **داخوازیم لێتان ئەوەیە لە بەرامبەر "عوسمان" و گروپەکەی کرداری کوشتنی بەپیلان بەکار نەهێنن، بەڵکو دەتوانن تێکۆشانی سیاسی – ئایدۆلۆژیان لەبەرامبەردا ئەنجام بدەن.** ئەگەر هێڵی ئازادی خۆی ڕێکبخا ئەوا قازانج دەکات و لەهەمان کاتدا دەبێتە ڕێگریەك لەبەردەم پاکتاوکاری، ئەگەر هێڵی ئەمریکا لە هەرێمەکەدا پێش بکەوێ، لێرەدا ڕەشە کوژی سەرهەڵدەدا، ئەوەی ئیسرائیل – فەلستین دوبارە دەبێتەوە، یەکترخنکاندن لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستدا بلاَودەبێتەوە، نامەنەوێ کورد ببن بە ماشە لەدەستی یەکێکی دیکەوە، ئەو هێڵە کارەسات و کۆمەڵکوژی دەئافرێنێ، بەربەستیش لەبەردەم ئەوە هێڵی ئێمەیە، بۆ تورکیاش ئەو مەترسیە لە ئارادایە، "عوسمان و نیزامەدین" هیچ شتێك لە سیاسەتی ئازاد تێناگەن، ئەوان دەبنە یاریزانێکی ناو ئەو یارییە، کەسێك کە لەپێناوی ژنێك ئەو کارە بکات هەموو شتێکی لێ چاوەڕوان دەکرێ، تورکیاش خاوەن ئەو ئەو تایبەتمەندییەیە و وەستای خۆ فریودانە، ئەنجامیش ئاشکرایە، ئەگەر پێش ئێستا من ڕێگام لەو کارەساتە نەگرتبایە چ ڕوی دەدا؟. نەتەوەپەرستەکان و بێگانە پەرستەکان هاوبەشن، هەمویان پارێزڤانی ئەمریکا و ئیسرائیلن، ڕەنگبێ ئەو پارێزڤانیەی ئەوان کوردان تا ڕادەیەك بەهێز بکات، بەلاَم ئەو کاتە دیموکراسی لەناو کورداندا نایەتە کایەوە، کوردایەتی بۆ ئەوانە دەمامکێکە، چۆن لە تورکیا تورکایەتی کردن بۆ ئەو کەسانە دەمامکێکە بۆ ئەوانیش بەهەمان شێوەیە. ئەوان بەو شێوازە خوێن لە لوتی کوردان دێنن، لەتورکیادا بازرگانەکانیش لەناودا هەموو کردارە پیس و چەپەڵەکان لەژێر ناوی نەتەوەپەرستی سەریان هەڵدا. ئەوانەش دەیانەوێ لەژێر ناوی کوردایەتی هەمان شت دووبارە بکەنەوە، ئێمە پێش هەموو شتێك بە سەرنجەوە نزیك دیموکراسی دەبینەوە، هەروەها چوارچێوەیەك بە دیموکراسی دەبەخشین. ئەو تێبینیانەی کە هەفتەی ڕابوردوو مابو چ بوون دەتوانم بزانم؟

(HPG بیلانچۆ Palance ی 1ی حزیران تا 28ی ئەیلولی ڕاگەیاند، لەو ڕێکەوتەدا 119 ئۆپەراسیۆنی دەوڵەتی تورکیا ئەنجام دراون، لەبەرامبەر ئەوە، 78 چالاکی بەرەنگاربونەوە لەلایەن گەریلاکان ئەنجام دراون، لە ئاکامدا 284 کوشتاری دەوڵەت هەیە، هەروەها 49 شەهیدی گەریلا هەیە، لەوانە 4یان لەشەڕێکدا لەگەڵ سوپای پاسدارانی ئێراندا شەهید کەوتون، 45یان لە باکور. لەناو شەهیدەکانیشدا چواریان هەڤاڵی کچن. ڕادەگەیەنرێ کە دوای 15ی ئۆگست ئۆپەراسیۆنەکان ڕویان لە زیادی کردوەو هەروەها دەستێوەردانێکی توندیش لەسەر ئەو گۆڕەپانانەدا ئەنجام دەدرێ کە خەباتی سڤیل و بێ چەکی تیادا ئەنجام دەدرێ). 119 ئۆپەراسیۆن نیشانەی دژوارییەکی بێ سنورە، دەڵێن دوای 15ی ئۆگست ئۆپەراسیۆن ڕوی لە زیادبونە، دەڵێن 49 شەهیدمان هەیە؟..

(کۆمیتەی سەرلەنوێ ئاواکردنەوە، ڕایگەیاند کە ڕێنماییەکانی ئێوە کەوتونەتە واری کردارییەوە، بەلاَم لە کۆبونەوەکانی داهاتودا هەوڵ دەدەین بەفەرمی بکەین). دەڵێن لە کۆبوونەوەیەکدا بەفەرمی دەکەن؟ (دەڵێن خەباتی سەرلەنوێ ئاواکردنەوەی PKK دەستی پێکردووە) .

کێشەی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی زۆر گرنگە ئەگەر لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێ مەترسیدارە، بۆ کازمیش هەمان شتم ووتبو گوێیان لێ نەگرتم تەماشاکەی چی بەسەرهات، سەبارەت بە ڕەووشی کازم شتێکی تازە هەیە؟

(دیدارێکمان لە زیندان لەگەڵیدا ئەنجامدا، سلاَوو پابەندبونی خۆی بەئێوەوە نیشاندا، لەسەر ئەو ڕەوشەی کە بەسەری هاتوە ووتی؛ پێشنیاری خۆم بوو، بەلاَم لایەنەکانی دیکەش پەسەندیان کردبوو، هەرەها بەڕاستی نازانێ کە هەموو شتێك بخرێتە ئەستۆی ئەو، لەهەمان کاتدا دەڵێ تەدبیری پێویستمان بۆ ئەو مەسەلەیە وەرنەگرتبوو، دەرچونی لەناوچەکە بە دوو هۆ دەبەستێتەوە؛ گەڕانەوەی خۆی لە قەفقاسیا بەڕاست نازانێ، هۆکارێکی دیکە ئەوە بوو بیری لەوە دەکردەوە لەو ناوچەیە کاروبەرهەمی زیاتر دەبێ).

خۆی فریو دەدات، لەڕاستیدا زۆر ژیرە، هەروەها زۆر عاتفیە، ئەگەر وایە بۆ لەکاتی خۆیدا هەڵوێستی نیشان نەداو کاری خۆی سەرەڕاست نەکرد و چوە سەرەوە. بەلاَم پێموایە خۆی فریودەدا.

سەبارەت بەو ڕەوشەی کە ئەو تێیکەوت زۆر نارِحەت بوم، لە مێژوی ئێمەدا کارەساتێکی زۆر گەورەبوو، عیساش بەهەمان شێوە خۆی و 20 کەسی دیکە شەهید کەوتن، پێش ئێستا لەو بارەیەوە ئاگادارم کردبوەوە، لەمەودواش هیوای ژیانێکی بەختەوەری بۆ دەخوازم. (پاش ماوەیەك نامەیەکت بۆ دەنێرێ) نامەم پێناگات!! لەگەڵ دادوەر قسە بکەن پێی بڵێن جار و بار ڕۆژنامەم پێ ناگات، ئەو ڕۆژنامانەی کە بۆشم دەنێرن ئەو هەواڵ و نوسراوانەی کە پەیوەندیان بە منەوە هەیە لێی دەکەنەوە، لەو سێ چوار مانگەی دوایدا هیچ نامەیەکم پێنەگەیشتوە. (لە ڕۆژێکدا چەند ڕۆژنامەت پێدەگات) لە ڕۆژێکدا باوەڕناکەم یەك ڕۆژنامەشم پێبگات. (چاو پێکەوتنمان لە گەڵ دادوەر ئەنجام دا ووتی ڕۆژنامەی پێئەدەین) نەخێر پێم نادەن دەتوانن ڕۆژنامەی حورِییەت, صەباح میلییەت, جومهوریەتم پێبدەن. پێیان بڵێن بە لایەنی کەمەوە ڕۆژنامەیەکم پێبدەن.(هەروەها ئاڵوگۆڕیەکی تر لە ئارادایە وەزیری داد پێی ڕاگەیاندین بۆ ئەوەی هاتنوچونی ئێمە بۆ ئێرە بەردەوام بێت کەشتیەکی نوێیان

ئامادە کردووە کەشتی ئاماژەبۆکراو لە داهاتوو دەرخرێتە کار, بەو پێیە چاوپێکەوتنەکانمان لە گەڵ ئێوە بە ڕێکوپێکی بەڕیوە دەچن) زۆر باش بوو. بە دادوەر بڵێن ئێمە چۆنایەتی یەکێتی کۆماری دیموکراتیك دەپارێزین بۆ ئەوە نییە کە ئێمە وا دەخوازین, هەروەها لە بەر ترس نییە، لە بەرئەوەیە کە ئێمە بە شێوەیەکی زانستی ئەو کارە بەڕێوە دەبەین. ئێوە ئازادی بۆ گەلی کورد ناناسن پەیتا پەیتا هەندێك هەنگاو دەنێن بەڵام مافەکانی گەلی کورد ناناسن. لە گەڵ دەربازبوونی کاتدا یەکێتی تورکیا ساز ئەبێت, تورکیایەك کە کەوتۆتە ناو قۆناغی یەکێتی ئەوروپا یەکێتی تورکیا, مافی مرۆڤ، بناماکانی دیموکراتی و ئابووری بەهێز دەبن, چەك یەکێتی وڵات ناپارێزێت بەچەك ماف بەدەست ناخرێت لە جیاتی ئەوەی بە چەك ماف بەدەست بخرێت دەمانەوێت لە چوارچێوەی یەکێتیدا تەکەکان بەهێز بکەین. بەڵام ئەگەر لە سەر هەڵوێستی خۆتان سوور بن ئەوە خۆشتان دەزانن خۆمان دەپارێزین، ئەگەر ئەڵێن ئێوە ناناسین ئەوا گەریلا وەك گەردەلوول بەهێز دەبێت.

ئەگەر لە ڕێگای کەناڵی لەیلاوە شتێك هەیە پێم بڵێن. نامەکەمی بە دەست خست؟ (نامەکەی بەدەست خست, ووتی سەبارەت بە گەشتەکەی ئەوروپا نامەیەك دەنووسم و پێی دەدەم) تا ئێستا هیچم پێنەگەشتووە هیوادارم کە پێم بدەن. با لەیلا هێڵی دیموکراتی و ئاشتی بەڕێوە ببات با ئەو هێز بە خەبات و بەشداری کردن ببەخشێت لە ڕیپۆرتاژەکەی عوسماندا دەوترێ جگە لە خەتیب بیروبۆچونی ئەوانی دیکە لە من نزیکن. سەیرە دەیەوێت دەستیان بۆ درێژبکات؟ لەوانەیە هەواڵی دەست درێژیکردنیان پێڕابگەیەنێت, با بە هۆشیاری بجوڵێنەوە ئەو هێڵە مەترسیدارە هەروەها ئەو هێڵە بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام ناکات. دەکرێت لە گەڵ هەموو کەسێك  دیداری دیبلۆماسی ئەنجام بدەن بەڵام پاشکۆیەتی نابێت هێڵی پاشکۆیەتی مەترسی دارە, وا بزانم مەهدی هاتووە؟ (بەڵێ) ڕەووشی ئەو چۆنە؟ (زانیاریەکی ئەوتۆمان لە دەستدا نییە) من نەموتبوو مەهدی سیخوڕە، لە سەر قسەکانی من زێدەڕۆیی دەکرێت من ئەوم ڕەخنە کرد، چونکە کەسێکی زۆر سیاسی نییە. ئەگەر دەخوازێت و هێڵی دیموکراتی پەسەند دەکا دەتوانێت لەو خەباتە شوێنی خۆی بگرێت. شتێکی تر هەیە پێم ڕابگەیەنن؟ ئەگەر نا دەمەوێت بێمە سەر مەسەلەی پێکهاتەی دیموکراتی. (کچەکان پەیامیان پێدابن ووتیان لە سەر مۆدیلی ڕێکخستن گفتوگۆ بەردەوامە پەیامی ژیان و پەلشین هەیە) چی دەڵێن؟ (ئەوترێ ئەو زۆری و زەحمەتیەی ئەوان دەیچێژن هۆکارەکەی هەرس نەکردنی پەرادیگمای نۆیە. لە هەڵوێستەکانیاندا ڕەخنە لە خۆگرتن هەیە دەیانەوێت لە خەباتی پراکتیکیدا بەرپرسیاریەتی بگرنە ئەستۆی خۆیان، پابەند بوونی خۆیان بە ئێوە نیشان دەدەن.) ئایا سەبارەت بەو خەباتەی کە دەزانرێت زەحمەتی دەبینن؟.(ئەگەر پێوویست بێت ئەتوانین زیاتری قسە لەسەر بکەین, (پاژك- پارتی ئازادی ژنی کوردستان ئەوان ئایدۆلۆژی پارتی ئازادی ژنانی کوردستان وەك سەرچاوەی ئەفرێنەری کادر دەبینن.) هەر ئێستا پێتان بڵێم دەتوانن لە ژێر ناوی "کۆما ژنی بڵند" دەست بە جوڵانەوە بکەن ئەوەش بە واتای کۆمەڵی ژنی میهرەبان دێت، دەتوانن لە ژێر ئەو ناوە بجوڵێنەوە، ئاگادار بن ئەوەی من ئەیلێم بە تەنیا پێشنیارە، درێژە بە گفتوگۆکانتان بدەن سەبارەت بە ئایدۆلۆژی، ناوەڕۆك، پێکهاتە گفتوگۆبکەن.  وا بزانم بە تەنیا یەکێتی یان پارتی بەس نییە, لە سەری قوڵ ببنەوە ناوەڕۆکەکەی زۆر گرنگە. ڕفاندنی کچان بە تەنیا لە پێناوی ڕەحەت کردنی غەریزەکان نییە ناتوانین وەك برسیبوونی غەریزەکانی لێکبدەینەوە، ئەو هەڵوێستە ئازادی ژن لە ناو دەبات نەکەونە ناو پیلانی عوسمان و ئەوان هیوادارم ئارام بوونتان، فیداکاریتان، جەسارەتان گەورەو بێکۆتایی بێت. ئەو هەڵوێستە لە بەرامبەر هەرکەس منیش لە ناویدا بنووێنن ئازادی بۆ ئێوە لە نان و ئاو گرنگترە, پێوویستە نەکەونە ناو چالاکی خۆکوژی (ئینتحار)وەرگێڕ★ خۆتان دەزانن کچێك لە شاری سێرت چالاکی خۆکوژی ئەنجام دا، من ئەو شێوازە بە ڕاست نازانم هیوادارم ئەو جۆرە چالاکیانە دووبارە نەبنەوە. دەتوانن لە ناوچە ڕزگارکراوەکاندا چالاکی کولتوری، هونەری، دیموکراتی پێشبخەن. ئەم پەیامەش بە ژیان و پەلشین ڕابگەیەنن؛ ئەگەر هەندێ کەس بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە پەرادیگمانی نوێ تێناگەن ئەوا بە واتای تاوان نایە، مەسەلەکە زۆر یان کەم نیە، منیش دوای ماوەیەکی زۆر و دورودرێژ بەو ئاستە گەیشتم، ئێوە وەك کچێکی هۆشیار، ئاقڵمەند و تێگەیشتو دەبینم، چاوەڕوانی ئەوەتان لێ دەکەم بەخێرایی لەسەر پەرادیگمای نوێ قوڵ ببنەوە.

بەڵێ ئێستا دێمە سەر خەباتی دیموکراسیتان، دەستتان بە خەباتی پرۆگرام و پەیرەوی ناوخۆ کرد؟ (نەخێر، بەباشمان زانی دوای سازکردنی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی فراوان گفتوگۆ لەسەر پرۆگرام بکەین.) بێگومان، پێویستە سەرەتا دەستەی بەڕێوەبەرایەتی فراوان ساز ببێ، سەرەتا دەتوانن سەرەتاییەك بۆ پرۆگرام ئامادە بکەن، لەبەرگرینامەکەمدا هەیە، دەتوانن سود لە بەرگرینامەکەم وەرگرن، بۆ ئەوەی قەدەغە نەکرێ زۆر گرنگە، دەتوانن سود لەو بەشانە وەرگرن کە پەیوەندی بە باسەکەوە هەیە، پێویستە دیموکراتیزەکردنی تورکیا کە بە قۆناغی یەکێتی ئەوروپا دەست پێدەکات بکەنە ئامانجی خۆتان. ئەم ئامانجە لە هەمان کاتدا وەڵامێکی دیموکراسیە بۆ قۆناغی یەکێتی ئەوروپا، ئەوە گەرورەترین و ڕاسترین پشتگیریە بۆ ڕێپێوانی دیموکراسی تورکیا، لەسەر ئەو بنەمایە دەتوانن زیاتر قوڵببنەوە، کەسانی خاوەن بیرو باوەڕی جیاواز و دەوروبەرانی جیاواز دەتوانن بەشداری ئەو پێکهاتە تازەیە ببن، پێویستە ڕۆشەنبیران هەبن، کەسانی ڕۆشەنبیر کێ هەیە؟ (بەهۆی کێشەی ناوخۆیی نەمانتوانی ڕۆشەنبیرانی تورك بەسەر بکەینەوە، لە قۆناغی بنیاتناندا پیلانی بەسەرکردنەوەیان دادەڕێژین). دەتوانن لەسەردەمی بنیاتناندا ئەو کارە ئەنجام بدەن. کەسانی وەك فایق بولوتیش دەتوانن بەشداری بکەن. (چاومان بە فایق بولوت و دەوروبەرانی

دەممۆس کەوت، دەرهەق بە ئێوە هەندێ ڕەخنەیان هەبوو بەهۆی ئەوەوە نەیانتوانی بەشداری بکەن). تەواو ڕەخنە کردن ئاساییە. دەتوانن دەوروبەرانی SPD یش بانگ بکەن، باوەڕیتان بەخۆتان هەبێ ڕۆشەنبیرانی دیموکرات دەتوانن جێگای خۆیان تیادا ببیننەوە، ئەو پەیرەوەی کەمن بۆ کۆنگرەی گەل پێشنیارم کردبوو لەگۆر یاسای تورکیا فۆرمیلە بکەن. مۆدێلی سەرکردایەتی دوو جەمسەری ڕاستتر دەبینم. باوەڕکەم ئەو مۆدێلە لەلای کەسکەکانیش کاری پێ دەکرێ، لە هەڵبژاردنی کەسکەکاندا ژنێك و پیاوێکیان بۆ سەرۆکایەتی کردن هەڵبژارد، مەغدوریەت لەناو سەرجەم پارتەکانی تورکیادا کێشەیەکی هەرە بنچینەییە، ئەگەر ناوەڕۆکی پارت دیموکراتیزە نەبێ، سیاسەت هیچ کاتێك دیموکراتیزە نابێ، دەتوانن بیرۆ و ئۆفیسی جیا جیا پێش بخەن، وەك بیرۆی کرێکاران، بیرۆی لادێییەکان، بیرۆی ژنان، لاوان، ئیکۆلۆژی، سیاسی و دیبلۆماسی. پێویستی باش پێ لەسەر جیاوازی سەرۆك و سکرتێردا بگرن. سەرۆکایەتی خەباتێکی تیرۆری بەهێز بەڕێوەدەبات. ئێستاکەش سەبارەت بە ئامانجی پرۆگرام 5 خاڵ پێشنیار دەکەم؛

1- ناساندن، گوزارەکردن و پاراستنی هەبونی کولتوری. 2- هەڵگرتن و لەناوبردنی سەرجەم کۆسپەکان لەبەردەم دیموکراسی. 3- ڕاوەستان لەبەردەم سەردەستی نەریتی پیاوسالاری لەناو کۆمەڵگادا تا ئاستی کۆتایی پێهێنان. 4- پەسەندکردنی کۆمەڵگای گەردونی. 5- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان بە شێوازێکی دور لە توند وتیژی؛ بەواتای بە ئامانج گرتنی سیاسەتی ئاشتی خوازانە. دەتوانن ئەمانە لە بەشی ئامانجی پرۆگرامدا بە فراوانی شیبکەنەوە، دەتوانن پرۆگرام لەو چوارچێوەیە هەڵسەنگێنن. پێشنیاری دووەمینم بیریتیە لە ئەنجومەنی هاوڵاتی ئازاد لە دێهات و گەڕەکی شارەکان. ئەو دیموکراسیەی کە لە سەرەوە دەسەپێنرێ پەسەند ناکەم، بەڵکو لە جیاتی ئەوە، دیموکراسی گەل، دیموکراسی بنەما جەماوەری، هەندێ جار دەڵێن دیموکراسی بەرفراوان، لە هەموو شوێنێکدا بەشداری کردنێکی دیموکراسیانە بکاتە ئامانج پەسند دەکەم. دەتوانن لە ژێر چاودێری سەرۆك کۆمیسیۆنەکان ساز بکەن و بەو پێیەش لەژێر چاودێری سکرتێردا بیرۆ ساز بکەن، ئەو شوێنانە دەبنە شوێنی گفتوگۆکردن لەسەر پرۆگرام و پەیرەو، دەتوانن کۆنفرانسی هەرێمی ساز بکەن، نازانم ئایا ئەگەر ڕەووشی "پنار" لەجێدا بێ دەتوانێ خۆی بۆ یەکێك لە جەمسەرەکانی سەرۆکایەتی بپاڵێوێ یان نا، بڕۆن پێی بڵێن بزانن دەتوانێ ببێتە "بەهیجە بۆران"ی تورکیا. (ئەو هەرێمەی کە ناوبراو کاری تیدا دەکات، کۆمەڵێك کێشەی تایبەت بەخۆی هەیە، هەروەها بەقسەی خۆی تۆزی زەحمەتی دەبینێ، پێمان خۆشبوو ئەو ڕەوشەشت پێرابگەیەنین).

زەحمەتی دەبینێ وانیە؟ ئەو زانیاریانەی کە دەتانەویست پێمڕابگەیەنن لە هەفتەی داهاتودا قسەی لەسەر دەکەین، بۆ سەرۆکایەتی دوو جەمسەری شان بەشانی خەتیب دەتوانن ژنێکی تورکیش هەڵبژێرن، سەرۆکی شارەوانی "باغلەر"یش دەبێ، یەکێك لە شاری "چەناککالا" ئەوەی تریشیان "دیاربەکر" باشترە، ئەگەر پێتان باش بێ ئەوە پێشنیاری منە، سلاّوی من ئاراستەی خەتیب بکەن، دەتوانن پێشنیارەکەم لەسەر خەتیب و ئەوان گفتوگۆ بکەن. من پێش ئێستا سەبارەت بە ناوی پارت "پارتی ئازادی و دیموکراسی"م پێشنیارکردبوو. ( لەبەر ئەوەی پێش ئێستا پارتێکی تر بەو ناوە هەبوو و قەدەغەکرا، لە لایەنی یاساییەوە ئەو ناوەی جەنابتان ڕاست نیە، ئایا پارتی دیموکراسی ئازادی و دیموکراسی دەبێ؟). ئەگەر جێگای ووشەکان بگۆڕین کێشەی یاسایی سازنابێ؟ من گرنگی بەدوو چەمك دەدەم، بۆیە ئەڵێم ئەگەر هەردوو چەمك لە ناو ناوی ئەو پارتەدا جێ بگرن باشترە. ئەگەر بەو شێوەیە ببێ باشترە. قسەی هەفتەکانی ڕابوردوو دوبارە دەکەمەوە، تورکیا لە قۆناغی یەکێتی ئەوروپادا بەتەنیا مکیاجی ساز کردووە، دیموکراسیبونی ڕاست گەورەترین پێداویستیە، بەشێوەیەکی چڕ و پڕ لەگەڵ ڕۆشەنبیران قسە بکەن. (ڕەوتێکی ڕۆشەنبیران بە سەرۆکایەتی "ئاکن بیردال" دەستی پێکردووە، چەند لێدوانێکی بلاّوکردەوە، دەیانەوێ دەست بە دیالۆك بکرێ، دەڵێن ئەو ڕەووتە لقێکی نێونەتەوەییشی هەیە). دەستکردن بە دیالۆك زۆر گرنگ و پۆزتیفە، با پەرە بە دێکۆشانەکانیان بدەن و سلاّوی من لە ئاکن بکەن. (سلاّوی سەنانیك ئۆنەر و سارپ کۆرایی هەیە). سلاّوی منیان لێ بکەن، لە ڕاستیدا کاك کاتی "سارپ"ە پێی بڵێن کاك کاتی خەباتە. چیتان هێنا؟ (بەتەنیا ڕۆژنامەمان هێنان). زۆر چاکە، لە هەفتەی داهاتودا ئەگەر بکرێ بێجەمەیەکی گەرمم بۆ بێنن، بۆ شەو نا بەڵکو بۆ ڕۆژ بەکاری دێنم. سلاّوی من لەهەموو کەسێك بکەن ڕۆژتان باش...... کۆتایی.

## تێبینی:

- فکرەت بیلا کەسایەتیەکی ڕۆشەنبیر و سەربەخۆی تورکە.
- "عوسمان"مەبەست فەرهاد برای "عبدالله ئۆجالانە".